# تاڵەبانی هونەری خۆلادان لە خواستی جیابوونەوەی کوردستان!

**عبدالله مەحمود**

abdulla.mahmud@gmail.com

جەلال تاڵەبانی لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوسی هاوبەشدا لەگەڵ تۆنی بلێری سەرەك وەزیرانی بەریتانیا، لەوەلآم بەپرسیارێکدا لەپەیوەند بەچارەنوسی سیاسی کوردستانەوە پەیامە کۆنەکەی خۆی دوپاتکردەوە, وتی" گەلی کوردستان دەیەوێت لەچوارچێوەی حکومەتێکی هەرێم لە عێراقێکی فدراڵدا بمێننەوە".

دیارە ئەمە یەکەم جار نییە، کەجەلال تاڵەبانی ئەم پەیامە ڕووبەڕوی گەورە بەرپرسانی ئەمریکاو بەریتانیا، وولآتانی عەرەبی و کۆمکارەکەی، ڕژێمی تورکیاو ئێران، وەهاوکات ڕوبەڕووی بەرپرسانی ڕەوتە قەومی و دینییەکانی عێراق، ڕادەگەیەنێت. بەڵکە لەوەتەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەیە، جەلال تاڵەبانی و بەرپرسانی تری ئەم حزبە، بەهەزاران شێوەو لە بۆنەو بێ بۆنەدا، ئەم پەیامە ڕادەگەیەنن.

بۆچی یەکێتی نیشتمانی وشەخسی جەلال تاڵەبانی هێندە پێداگری دەکەن لەسەر جیانەبونەوەی کوردستان؟ وە ئامانجیان لەڕاگەیاندنەوەی چەندبارەی ئەم پەیامە چییە؟ دەیانەوێ بەمە چ بەخەڵکی کوردستان و دنیا بڵێن؟ وە بۆچی پارتی کەمتر ئەم پەیامە ڕادەگەینێت و تەنانەت زۆرجار باس لەوەدەکەن کەجیابونەوەو سەربەخۆیی مافێکی ئاسایی خەڵکی کوردستانە؟ ئەمانە زۆر پرسیاری تر پێویستان بە وەلآمە. ئەم ووتارە هەوڵێکە لە ڕاستای وەلآمدانەوە بەو پرسانەدا.

ڕاستیە بەکردەوە سەلمێنراوەکانی ئەم پەیامەی تاڵەبانی و سەرجەم بزوتنەوەی قەمپەرستی کورد ئەوەیە، کە مەسەلەی بەڕەسمی ناسینی ئیرادەی خەڵکی کوردستان، گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك و بەپاکردنی ڕیفراندۆم، هێنانەگۆڕی خواستی جیابونەوەو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، لەدیدگای ناسیونالیزمی کوردا تاوانە. دیارە ناسیونالیزمی کورد، هیچ تەبایەکی لەگەڵ ئەم ناسیونالیزمەش نیە کە بەرهەمی شۆرشی فەرەنسایە، بەڵکە پاش تێپەربونی دوو سەدە، ئێستا ناسیونالیزمی کورد، ناسیونالیزمێکی عەشایەری یە، بنەمای پێناسەکردنی هاولآتی زمانیەتی، نەك ئەرك و مافەکانی.

ئەگەر ئەمە ڕاستیەکە، ئەوا پەیامدان بەناوی خەڵکی کوردستانەوە و بەناوی ئەوانەوەو لێداوانی لەچەشنی ئەوەی خەڵکی کوردستان نایەنەوێت جیاببنەوەو دەیانەوێ لە چواچێوەی عێراقدا بمێننەوە، دەرهاویشتەی هەمان مەنتیقی عەشایەری یە. هەروەکو چۆن سەرەك عەشیرەت یان سەرەك هۆز بێگویدانە تاکەکانی هۆزو عەشیرەتەکەی بڕیارئەدات وچارەنوسیانی لەدەستی خۆیدا قۆرغ کردووە، ئاواش دیدگای ناسیونال- عەشیرەتی بزوتنەوەی قەومی کورد لە زمانی ڕابەرانیەوە دەتوانێ هەر ئەم پەیامە بدات.

لەوە واوەتر و بناغەیتر ئەو لێدوانانەی تاڵەبانی و ڕابەرانی بزوتنەوەی قەومچێتی کورد لە پەیوەند بەچارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە، پابەنبوونیانە بەپەیام و ستراتیجی لەمێژینەیان، کە بەشداربونە لەدەسەڵاتی ناوەندی، نەك ڕزگاری خەڵکی کوردستان و بەڕەسمی ناسینی ماف جیابونەوەو بەرپاکردنی ڕیفراندۆم و مافە مەدەنی و فەردیەکان.

لەهەموو دەورەو برگەیەکی مێژوویدا، وەلەگەڵ هەر شێوە ئاڵوگۆرێك لەدەسەڵات یان گۆڕانی هاوسەنگی هێزی دەسەڵاتی ناوەندیدا، ئەم پەیامی جیانەبونەوەی کوردستان، ڕادەگەیەنرێت، بەرلەکۆتاییهاتنی دەسەڵاتی مەلەکی ئەم پەیامە ڕادەگەیەنرێت، کە بەعس دیتە سەر کار ئەم پەیامە بە بەعسیە تازەبەدەسەڵات گەیشتوەکان لەلایەن ڕابەرانی بزوتنەوەی قەمچێتی کوردەوە دەمەزەرد دەکرێتەوە، کەبەعس بەهێز دەبێت و دەبێتە سومبلی بزوتنەوەی نەتەوەچێتی عەرەب دیسان ئەم پەیامە لەگۆڕێیە، بەعس دەکەوێتە بەردەم ناڕەزایەتی جەماوەری و خرۆشانی خەڵکی دەست پێدەکات دیسان ڕابەرانی ئەم بزوتنەوەیە دەنگی ئەم خەڵکە ناڕازیە، دەبەنە بەردەم دەسەڵات و دەڵێن باسی جیابونەوە و سەربەخۆ بوون نیە، بەشی ئێمەتان بیر نەچێت، بەعس لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تەریك دەکرێتەوە، لەجەنگدا گلۆڵەی ئەکەوێتە لێژی دیسان ناسیونالیزمی کورد ئومێدوارە بە بەشە دەسەڵات، بەعس دەڕوخێت دیسان لەگەڵ ڕەوتە تازە قەومی و ئیسلامیە پێنەگرتوەکاندا، خەریکی سات وسەودایە و دەڵێت وەرن باعێراق دروست بکەینەوە ئێوە پلەیەك و ئێمە پلەی لەخوارتر دەتانخەینە سەرچاوانمان، ......تاد، ئەم پەیامی بەش پێبڕانە لەدەسەڵاتداو جێگیرکردنی ئەم بەشە لەدەڵاسەتی مەرکەزیەدا قیبلەنومای بزوتنەوەی قەومپەرستی کوردە، بۆیە لەهەموو مناسەبەیەکدا و لەگەڵ هەر حزب و لایەنێکی سیاسی عێراقی و ئیسلامیدا، وەلەگەڵ هەر رەوتێکی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا، هەموو باسێکی لەچەشنی ئازادی و ئازادیخوازی، یەکسانی و ماف فەردی ومەدەنی، ڕێزگرتن لە مافەکانی ئینسان و چەمکەکانی ئیرادەنواندنی خەڵك، ماف هاوڵاتی بوون، ئیحترام گرتنی ئیرادەی خەڵك، ...... نەك جێگایەکیان نی یە، بەڵکە ژێرپێنانیان لەپێناو پچرین و جێگیرکردنی

دەسەڵاتدا،ڕاستیەکی بەکردەوە چەسپاوە. هەر ئەمەشە تەنانەت لەدەستورە گاڵتەجاریەکەشیاندا مافی ڕیفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان جێگای نیە. تاڵەبانی و هاوپەیمانەکانیان!! بەدەستور ئەمەیان قبوڵ کردووە کە خەڵکی کوردستان نابێت ئیرادەیان هەبێت.

ڕاگەیاندنی پەیتا پەیتای ئەم پەیامە "خەڵکی کوردستان نایەنەوێت جیاببنەوە، مانەوەی خەڵکی کوردستان لە چواچێوەی عێراقدا لە قازانجی خەڵکی کوردستانە، جیابونەوەی کوردستان خەیاڵی یە، ............" لە لایەکەوە پەیامێکە بە ناسیونالیزمی عەرەب، بە ئیسلامی سیاسی، بە وولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، تەنها لەپێناو شریکبوون لەدەسەلاتی مەرکەزیدا و جێگیرکردنی ئەم دەسەلاتە.

لە لایەکی تریشەوە پەیامێکە ڕوبەڕووی خەڵکی کوردستان، ڕوبەرووی خواستی جیابونەوەی کوردستان و ریفراندۆم، وە ئامادەکاریە بۆسەرکوتی هەر بزوتنەوەیەکی لەم بابەتە لەژێر ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عێراق، سەروەری نیشتمانی....تاد. ئەو سەروەری نیشتمانیەی یەکێتی و پارتی دەیانجار بەهێنانی پاسدارو جەندرمەی تورکی بۆسەری دڵسۆزی خۆیان بۆی نیشانداوە!.

تائەو جێگایەی کەپارتی جاربەجار بەکۆمەڵێك ئەمماو ئەگەرەوە ئەڵێ جیابونەوەی کوردستان یان سەربەخۆیی حەقی خەڵکی کوردستانە و کفر نیە، ئەمە تەنها پروپاگەندەیەکە، کە بەدوای دووئامانجی دیاریکراوەوەیە، لەلایەکەوە بۆئەوەیە لەکوردستانەوە گوشارێك بۆ مەرکەزبەرن تا جێگەوڕێگەیان لە مەرکەز کەم نەکەنەوە وبەشی زیاتر بپچرن لەکورسی و داهات، لە لایەکی تریشەوە مزایەدەیەکی سیاسییە بەسەریەکێتیدا، کە لەشەڕی ساردی نێوان خۆیان لەگەڵ یەکێتیدا بەدەستیەوە گرتووە.

پەیامی تاڵەبانی پەیامی سەرجەم بزوتنەوەی قەم پەرستی کوردە، بە حزبەکانیەوە تا نوسەرانی.

ئەگەر ئەمە ڕاستیەکی سەلماوە کە تاڵەبانی و تەواوی لایەنەکانی بزوتنەوەی قەومی کورد، نایانەوێ لە عێراق جیاببنەوەو خواستی سەربەخۆی کوردستان و ڕزگارکربوونی یەکجاری خەڵکەکەی لەدەست هەڕەشەی دوبارەی بەچکە سەدامیەکانی سبەینی و ئیسلامی سیاسی، یان نی یەو ئەوە ئەوانن بەکردەوە بەشێکن لەو دەسەلاتە ئیسلامیی سیاسی و قەوپەرستیە عەرەبیە پێنەگرتووە،و هاوپەیمانیانن بۆ پاراستنی سەروەری نیشتمانی و یەکپارچەیی خاکی عێراق.

بەڵام ئەمەش ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە خەڵکی کوردستان بە پێچەوانەی پەیام و بانگەشەکانی تاڵەبانی و حزبەکانی کوردایەتی، خوازیاری جیابونەوەی کوردستان و پێکهێنانی وولاتێکی سەربەخۆن کە تیادا ئازاد و تەسەل و خۆشگوزەرانن، و مافە مەدەنی و فەردی و ئینسانیەکانیان پارێزراوە. ئەگەر تاڵەبانی و حزبەکانی گومانیان هەیە لەوخواستە بەرحەقەی خەڵکی کوردستان،و دەڵێن خەڵکی کوردستان نایەنەوێت جیاببێتەوە، دەبێ بپرسین ئێوە دەڵێن چی لەسەر ئەم ریفراندۆمە نافەرمیەیساڵی پار کە زیاتر لە 90٪ خەڵکی کوردستان دەنگیاندا بەجیابونەوە؟ یان ئەگەر ئەمە ریفراندۆمێکی نافەرمی و نایاسایی بووە، فەرمون ملبدەن بە ڕیفراندۆمێکی یاسایی و ئازاد، و دور لەهەرەشەو چاوسورکردنەوەو نانبڕین تا خەڵکی کوردستان تیایدا بریاری خۆی بدات، بزانین دەیانەوێ جیاببنەوە یان دەیانەوێت لەچوارچێوەی حکومەتێکی هەرێم لە عێراقێکی فدراڵدا بمێننەوە.
خەڵکی کوردستان و هەر ئینسانێکی پێشکەوتنخواز، دەبێ بەتوندی بەدژی ئەم پەیامە ترسناکانەی تاڵەبانی و بزوتنەوەی قەو پەرستی کوردا بچنەوە، و ڕیزەکانیان جێبهێڵن و بزوتنەوەیەکی گەورەو جەماوەری سەربەخۆو پێشکەوتخوازانە بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆم بخەنە گەر، تا لەڕیفراندۆمێکی ئازادانەی دور لەهەڕەشەو چاوسورکردنەوەدا ئیرادەیی خۆیان بەدەستی خۆیان دیاری بکەن و بەم ئیرادە نواندنە وەڵام بە پەیامی دەسەڵاتخوازی تاڵەبانی و بزوتنەوەی کوردایەتی بدەنەوە.
بێگومان خەڵکی دنیا وبەرەی پێشکەوتنخواز، هەروەکو چۆن پشتیوانیان لەئاکامی ڕیفراندۆمەکانی دنیا کردەوە بۆ جیابونەوە ئاواش پشتیوانی لەئاکامی ڕیفراندۆمێکی جەماوەری و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان دەکەن.
با بەگرتنە بەری ڕێگایەکی ئاوا پیلانی بزوتنەوەی قەومی کورد لەدژی خواستەکانی خەڵکی کوردستان پوچەڵبکرێتەوە.ئەمە ئەرکێکی مەزنە، بەئینسانە مەزنەکان دەکرێت. خەڵکی کوردستان ئەم ڕابەرانەی هەیە، ئەو رابەرانە ئینسانە مەزنەکانن.ئەم رابەرانە تائێستا پەرش و بڵاون، دەبێ لەدەوری یەك کۆببنەوە.
2006-5-30